# ژنێک پڕچم ڕەش دەکاتەوە

**شێرزاد هەینی**



شیعر

# ژنێک پرچم ڕەش دەکاتەوە

شێرزاد هەینی



# شێرزاد هەینی


بابەت: شیعر

هۆنینەوەی: شێرزاد هەینی

دیزاین و گرافیک: شۆڕش غەفووری

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: یەکەم ـ ٢٠١٦

شوێنی چاپ: هەولێر - کوردستان

چاپخانە: شەهاب/ هەولێر ٠٧٥٠٤٤٨٣٨٦٣


ژمارەی سپاردن: ٦٩٦

# پێشەکی

## پارچەیەك لە ڕۆح

سەرێکی سپی، دەکەوێتە بەر سەما و ڕەونەقی بسکێکی ڕەش، بۆیە سەرەکە سەربەرز و سەرکەش و سەرخۆشە! عیشقەکەش گەنجی دەکاتەوە، گەنجەکەش عاشقێکی پیری زۆرزانە، دەزانێت چۆن شەوانە دڵبەرەکەی بەناز و بەجوانی و بەخۆشییەوە، بە شیعر و وشە و ساز و نازەوە بیگرێنێت و دوایی بیخەوێنێت! ئەو چەند دێرە، شیعرن یان رازن، سەرخۆش و مەست و شێتانە نووسراون، شەوانە کۆپلەیەک نووسراوە، بەڵام شەو هەبووە، شەوی کورت یان درێژ، دوو سێ دانەی لێ نووسراوە! دڵبەری شیعرەکە، ئەوەندە تووڕە دەبوو، ئەوەندە حەیران دەبوو، شیعرەکانی خۆشرەویست، بۆ شیعرەکان نزیکتر دەکەوتەوە، شاعیرەکەی گەنج دەکردەوە! شاعیرەکەی زۆرتر مەست دەکرد، شەراب تەواو دەبوو، بەڵام بەو شیعرانە شەوەکان دەبوونە شەراب. شیعرەکان: خەناوکەی مل و گەردەن و ناو قودیلە و جانتا و دەفتەر و بەر ئاوێنەی ژنێکە. ئەو، شۆخێکە و شیعرەکان وەک خۆی دەیگوت: ڕۆحی ئاودەدات و خەمەکانی سووک دەکات. شیعرەکان، یان رازەکان بوونەتە بەڵێنێک، ژنەکە وتی: من پارچەیەک لە ڕۆحت لەناو خۆم هەڵدەگرم! ڕۆحت لەو ڕۆژەوە بوویتە پارچەیەک لە ڕۆحی من.

**قەڵەمێکی سەرسپی ـ هەولێر/ نۆڤێمبەری ٢٠١٥**



ئەو ئەیوت:

«ڕۆژانە، تۆ شێرانە
وەرە ناو دارستانی سیسی منەوە،
ئاخر تەنێ تۆ دەزانی
ڕۆحی ماندووم چی لە پیاوێکی وەک تۆ دەوێ..»

دەیوت:

«شەوانە بە مەستی وەرە
بەس بۆنی جگەرەت لێ نەیێت،
من تامی دەمی تەڕو زمانی لووسم دەوێ.
شەوانە لە باخەڵمدا خۆت زۆر مەخافڵێنە
درەنگ وەرە و زووش بگەڕێوە،
ئاوی کانی من، یان دوو سێوت دەوێ».

...

ڕۆژانە وازم لە تەرجەمەی کتێبی (خوێن و تیرۆر) هێنابوو
شەوانەش بە بەفرێکی زۆر و دوو قاژە لیمۆی ترش ترش
بە عەرقێکی سەگی
ڕۆحم شەق دەکرد!
نەدەخەوتم، مەبادا شەوانە خەونێ بە مردنەوە ببینم،
خەونم نەدەبینی، مەبادا خەوم درێژ بێتەوە،
تۆش گلەیی لەوە بێت، بەیانیباشم لە تۆ نەکرد!
هەفتەیەکە ئەو کەشە نەماوە
من حەپس کراوم، تۆش تووڕە،
من تووڕەم کردی، تۆش حەپسی ناو خۆتت کردم
بەڵام باشە، کەسمان گازندەمان لەیەکتری نەکرد.
...

قوورگم بچووکترە لە دەمی کێشکەیەک و
ناتوانم بەکەیفی خۆم بۆت بچریوێنم،
چاوم بەستراوە و لەو تاریکییە
ناتوانم خودای گەورەش بدوێنم،
دەرگام لەسەرداخراوە، تەنگەنەفسم
ناکرێ خۆم بە هیچ بشوبهێنم،
هیچم لەدەست نایێت،
بەس دەتوانم، بە تیژە بەردێ
خەتێکی باریک، لە دەرگای ئوتومبێلە سپییەکەت بخشێنم.
...

بەردێک بەر ئەو ماڵە کەوت، خەتای من بوو،
و چرای بەرهەیوانی ئەوانی نەشکاند،
چەکوچێکی گەورە، بەر ئەو ئاوێنەیە کەوت
تاوانی منی تێدا بوو و
شووشە بۆنە ناسکەکەی نەپژاند.
لوولە ئاسنێکی تیژ، بەو پشتە نەرمەی کەوت
دەستی منی تیا بوو،
دەمارە باریکەکانی ئەوی نەپچڕاند.
بەڵام ژنێکی ئازا، کە شەوانە وەک شێر
نەڕەی دەهات و دەیخەواندم، ئەوی ترساند.
دڵگران مەبە، مەترسە.. گیانە،
دڵی من،دەستی من، ڕەگ و ڕیشەی منی زیاتر هەڵتەکاند.
...

لەسەرداوای خۆت وێنەکەت دەسڕمەوە،
بە ویستی خۆم
هەرگیز ناتسڕمەوە لە دڵم.
ناسڕێتەوە، چۆن بیسڕمەوە، شەوانە بەیەکەوە بانگمان دەدا
فتارمان دەکرد، نوێژەشەومان دادەبەستا،
تۆ گەرمات دەبوو، من خۆم دەشووشت
تۆ برسیت دەبوو، من دەمخوارد کێکێکی بە کشمیش،
بەیەکەوە بووین، جەژنیشمان بە یەکەوە کرد،
من بڕوام پێی نەبوو، تۆش میوانت بەڕێ دەکرد،
چۆن تۆ بسڕمەوە، ناکرێ، بە یەکەوە کۆپی بووین
جەستەی من، لەسەرجەستەی تۆ، کۆپی بووە،
دەستی من، دەمی من، لەسەرتۆ، جوان دەرچووە،
چۆن بتسڕمەوە، ناسڕێیتەوە،
بەس دەشێت بە ماچ، بۆن وبەرامی ملت بسڕمەوە!
...

که دەڕۆیت، دەزانم بۆ دیمانەم بەڕێ دەکەویت،
لە دانیشتن، بۆ من دەخۆیت و پشووش دەدەیت،
منیش، بۆ تۆیە کە نارۆم و چاوەڕێم
ناخۆم و پشوو نادەم، بەڵام تۆ شەوانە زۆر سەرخۆشم دەکەیت،
نە تۆ بڕۆ، نە منیش چاوەڕوان،
لە نزیکترین دەرفەت،
دەزانم تۆ
بە گەرمی من لە ئامێز دەگریت
...

## دەرفەت

## ١١

## بەس بۆ من

بۆم ڕاوەستاوە، ڕوولە ڕۆژ
وێنەت دەگرم، سەد و هەزاریش،
خۆت بگۆڕە بۆم، هەموو ڕەنگەکان بکە بە سوخمە و کەوا.
چاوت ڕەش کە بە کل، جوانتربە کە زۆریش جوانی،
بەڵام نابێ کەس بتبینێت، بە کەس ناکەم بڕوا.
بۆ من، سازو بۆنداربە، بەس لەگەڵ من پێبکەنە وڕابوێرە،
ڕۆژانە مەبە نائومێد و بێ هیوا.
...

## درۆ

وەرە من درۆیەک دەکەم، تۆش بڕوا بکە،
وەرە من، سوێندێک دەخۆم، تۆش هەزار.
وەرە، من دەخەوم، تۆش هوشیار.
وەرە تۆ ناز بکە، بڵێ، ڕقم لە تۆیە،
منیش شاناز دەبم، دەڵێم بەس رق نا، ژیانم لەبەرچاوی تۆیە،
وەرە، درۆیەک بکە، بڵێ هاتووم و نازانم بگەڕێمەوە
منیش درۆیەک دەکەم و دەڵێم، ناتوانم و دەستنوێژی تر
ناشۆمەوە.

...

## ١٣

ناتوانم شەوێکیان بێ دەنگی تۆ
بێ وێنەی رەنگینی تۆ
بیر بکەمەوە، خەونێ ببینم.
ئەوە سەدجارە دەڵێم:
ناژیم، تا بە ئاگری سینەت، سییەکانیشم بۆت نەسوتێنم.
گیانە، شەوانە خۆت ماندوو مەکە،
من نەرم نەرم، لەبری تۆ، بۆ سەماکردن، مەمک و سمتت
دەلەرێنم.
...

تۆ دەزانی، ڕۆژانە چەندە جار بیرت دەکەم،
من دەزانم، ڕۆژانە چەندە چاوەڕوێم دەکەی،
مەپرسە چۆن دەزانم،
دەزانم هەر جارێکی بیرت بکەم
تۆش، لەو دەمانە بۆ دیتنم، لەبەر ئاوێنە
شێتانە هاتوچۆ دەکەی،
من ئاگام لە تۆیە، تۆش لەگەڵما دەژیت،
وەرە، سینگت بخەرە باوەشمەوە،
تا بە دڵ
ببینی خەونی شیرین شیرین
...

دەزانی، ئیمشەو چاوەکانت
یەکەمجارە دەڵێن: دەمانەوێ قسە بکەین.
گوێم لێ بوو وتیان:
تۆ فەرمان بدە، چیت دەوێ بۆت دەکەین.
من بێدەنگ بێدەنگ
جگە لە حەزی نهێنیمان
بە ئاشکرا، بە یەکتری بڵەین.
...

## فەرمان

١١٤

نازانم، من چی تۆم

خزمتم یا دوژمنێکی دێرین.

نازانم، من و تۆ، لە کەیەوە یەکتر دەناسین

چەند ساڵ و مانگ و ڕۆژە، تۆ بوویتە دڵی من.

نازانم، نازانم شەوانە من دەخەوم لە باوەشی تۆ

یا تۆ بۆ بینینم، ژوورەکان دەکەیت سەروبن.

نازانم من دۆستی تۆمە یان دوژمن.

نازانم تۆ دەزانی من بۆ تۆ بووم بە چی!؟

خەم یا چاوەڕوانییەکی بێ ئەسرین و گرین!

...

## دوژمن

تا فێنک ببمەوە هاتمە بەرسێبەرت،
ساتێک وەستام، بینیم لەبەرهەتاوم.
سەیری ئاسمانم کرد،
دیارنەبوویت، زانیم بەتەنیام.
ترسام، چۆن بتدۆزمەوە
بە کێ بڵێم، بگاتە فریام،
دەبوایە چاوەڕوان بم
بۆ هاتنەوەت بگەمە ئاکام.
...

له من دوورمەکەوە، مەڕۆ
ناترسیت دڕکێکی تیژ، له ژێرپێت هەڵچەقێ،
ناترسیت سمێڵێکی گەورە
بە فێڵ، بۆتۆ، خۆی پاک بتاشێ..
من لەوە دەترسم، دەستێکی بە موو،
ئەنگوستیلەکەت پێ دابنێ..
دوورمەڕۆ، نزیک بە لە من،
تا لە بن چەرچەفێکی پەمەیی، بشکێنین سەرخەوێ
...

## کارت

١١٠

دەمەوێ کارتێکت بۆ بنووسم،
ئەی گەرتۆ نەبینم، بیدەمە کێ!
دەکرێ لەجیاتی خۆت وا بکەم،
لە ئاوێنەی ژوورەکەت بدرێ!
لەگەڵ شانە، بۆن، سووراو و موکێشەکە،
بێ سوپاس و خەڵات، بەردەوام لە خزمەتت بێ!؟
...

ده دەقە، بیست دەقە و با بگاتە نیو سەعات
تۆلوتف کە و چاوەڕێم کە!
من بیست دەقە، دوو سەعات، هەفتەیەکیش،
دەتوانم، ئەگەرویستت بە دڵ و چاوم دەڵێم
هەزار ساڵ چاوەڕێی نازدار حەیرانەکەم کە!
بەڵام! بلێیت ناتوانم و بوارم نەما،
وەرزێکی تر، جگە لە هاوین بۆ سەیران دیارکە!
من لە دەفتەری چاوەڕوانی دەپرسم
کەستان دیوە وەکو من، بتوانێت هێندە چاوەڕوانی ژنێک کاا!.
...

لەگەڵ نوێژا، دوعایەک بکە،
بڵێ:
ئەو پیاوە، پیاوانە، لەگەڵ منی ژنا بجووڵێتەوە!
ئەو پیاوە، خێرا بۆم ڕووت بێتەوە..
دوعایەک بکە، بڵێ:
ئەو دوورییە خێرا نزیک بێتەوە،
ئەو نزیکییەش، لە ناو باخەڵم سانا جێ ببێتەوە..
منیش دوعایەک دەکەم:
کە دەخۆمەوە سەرخۆش نەبم،
بەڵام لەگەڵ تۆبێ خواردنەوە، شەهوەتم بکرێتەوە.
...

شەهوەت

١٠٨

بەو هاوینە حەزم لێیە ئاگرێک بکەمەوە،
ئاگرێکی سارد، لەتەک ئەو ژنەی هەموو جەستەی نەرمە!
لەو سەفەرە، پێم خۆشە دانیشنێک بکەم،
دوو کەس نەبین، بەڵام یەکێکیش زۆر زۆر کەمە!
من ئارەزووم لێیە بڕژێت،
ئەویش نەڵێ دانیشە، ئەوەیان بۆ قژت شەرمە!
خۆشتری بکە ئەو ئاگرە، با وشکی بکاتەوە،
ئاو و ئارەقەی سەرسینگ، ئەو پەرچەمە!
کچێ، ژنی شایستە، حەقە، هێندە ئاوێزانت بم،
چونکە فێنکم دەکەیتەوە لەو کەشە گەرمە.
...

### فێنک

پەنجەم دەشکێ، گەر یەکەم پەیڤم
ناو و یادی تۆ نەبی.
شەوانە
ئەنگوستیلە بۆ من نابێتە چرا،
گەرلە پەنجەی ناسکی تۆ نەبی..
ژن و پیاو بۆ دەژین، کەی ئەوە ژیانە،
گەر دەمیان لەناو دەمی یەکتر نەبێ..
من چۆن نووسەرم، گەرئیلهامی نووسینم
چاوی ڕەشی ژنێکی شێت و شەهوەتی نەبی.
چۆن ژن ئاسوودە دەبێ،
گەر شەوو ڕۆژ
لەناو جۆڵانەی باوەشی پیرێکی گەنجدا لەرەی نەبی.
...

تۆبەو گەرمایە، لە قرچەی هەتاویش
لێم نزیک بە، بەیەکەوە گەمە دەکەین،
لەبەربەزمی خۆمان، بێ ئاگاین، نازانین
هەموو گیانمان بووە بە ئاگرێکی بەتین.
پاش شاییەکی گەرم،
کە سارد بووینەوە
بە نازەوە بە قوربانی یەکتری دەبین.
...

## بە نازەوە

١٠٥

لە دوورەوە بۆنی خەنەی قژت دەکەم
بۆیە سوور هەڵدەگەڕێم بەوشەوە.
لە نزیکەوە، بێ تۆ چاولێک نانێم
تا فەرمان نەکەیت و نەڵێی:
درەنگە و کاتی خەوە.
ناخەوم تا بۆت نەشۆم خەنەی قژت و
ئینجا لەبن دەستم هاوار کەیت:
سووتام، توخوا کەمێک ساردی کەوە.
...

خەنە

١٠٤

خێرێکی گەورەت بەو دڵەی من کرد،
کە چوویتە ناو هێلانەیەک
لەوێ بۆم دەجریوێنێت، بە سەد ئاواز.
منیش خێرێکی مەزنم بە خۆم کرد،
کە وتم بفڕە، لەوێ بۆم لێبدە تارو ساز.
چاکەی خۆتە، دڵت باشە، نازداری تۆ،
بە قسەم دەکەیت، لامل نیت، وەکو بەراز.
...

بەراز

١٠٣

خەمگین بە دووی شادی، ڕوولە وەرزی تۆ دەکەم،
ماندوو بە دووی پشوویێ، چاوەڕوانی سروەی تۆ دەکەم،
برسی بە دووی تێربوونێ، سەر لە ناو مەمکی تۆ دەکەم،
شاعیربە دووی دێڕێ، پەنا بۆ پەیڤی دەمەگوڵزاری تۆ دەبەم،
پیربە دووی ژیان، ئاوی حەیاتی تۆ، لە هەناوم دەکەم.
...

## بەدووکەوتن

١٠٢

گەرماکەی من، وەرزەکەی خۆم،
دوور مەڕۆ با زستان نەمتەزێنێ.
ئارەقەی زۆرم، هەناوی کوڵاوم،
وەرە با ئیمشەو
سپلیت نەمژاکێنێ.
بە جەستەی ڕووت و ئاوی حەمامەکەت،
بمشۆ، تەنها جارێ، نەبادا کفنێ بۆ مردن بمفرێنێ
...

سپلیت

١٠١

که دەنگم بۆتۆ نەبێ، ڕەنگم زەردە،
سڵاوێک نەکەم لە تۆ، دڵم پڕدەردە،
نەتوانم ماچت کەم،
با بمینێت ئەوەش هەرقەردە،
تۆژماردووتە قەرزەکانت؟ دەزانیت چەندە؟
شەوێکیان تۆڵەت بۆ دەکەمەوە،
زۆرترو سەد ئەوەندە.
...

قەرد

١٠٠

گەر ڕۆژێ نەتوانم دوو دێرت بۆ بنووسم
بزانە لە ناو دڵم دوو کتێبم بۆ هەڵگرتووی!
گەرجارێ هاتی وتۆم نەبینی،
تووڕە مەبە، سەد جاری تر بۆ دیتنت، خۆم هیلاک کردووە!
ببوورە، ئیمڕۆ نەمتوانی بێمە ژوان
شەو، دەبینی چیت بۆ دەکەم،
کە هەرخۆت بڵێی:
تا ئێستا ئەوەت لەگەڵ من نەکردووە.
...

## سەد جار

بەیانی باش، چونکە ئیمشەو

پەنجەیەکت بۆم ببووە چرا..

زۆر سوپاس، چاورەشەکەم

چونکە ئیمشەو، لێوت بۆ ماچ گەرم بۆم دەسوتا..

تۆش بڵێ سوپاس، گیانە، چونکە ئیمشەو،

هەتا خەوتم، دەستت لە سمت و سینگم دەخشا،

سوپاسێکی تر،

چونکە ئیمشەو، بە خۆشی تۆ، ئاوی زۆرم لێ دەڕژا.

...

گەرئەوژنە، پەیوەندیم پێوە نەکاتەوە،
خێرا بۆلام نەگەڕێتەوە ،
ناچارم ڕێکلامێک بڵاوکەمەوە وبڵێم:
«من ژنێکم ون کردووە، هێندە ماچم کردوە
لێوەکانی من بە ڕوویەوە هەڵقەنراوە!
ژنێکە، ناوم بەردەوام ولەبەرخۆیەوە
دووبارە دەکاتەوە!
بیدۆزنەوە، بیگێڕنەوە، تۆبە دەکات ئەو ژنە،
هەرگیزهەڵەی وا، بەرامبەرمن وخۆشی، ناکاتەوە!».
...

ڕێکلام

## تەلەفۆن

٩٦

من وامدەزانی درۆ دەکەیت، منیش حەزم لە درۆی شیرین بوو،
ئینجا ژنێکی نازداربۆت بکات.
سەعاتی یەکەمیش بڕوام نەدەکرد،
وامدەزانی، سەعاتی دووەم، پەشیمانە، تەلەفۆنم بۆ دەکات.
بەڵام، کە دەبێتە شەوو ڕۆژێک، درۆکە دەبێتە ڕاستی،
دەترسم و بەگومانەوە دەڵێم:
تۆ بڵێ ئەو حەزلە پیاوێکی تر کات.
...

بەو دابڕانە درێژە،
خۆم بە چاوەڕوانی دەخافڵاند،
بەو گەمە دژوارە گرەوەکەت لە من بردەوە،
دیسان من
هیوایەکی ترم چاند،
بەڵام کە زانیم تا بەیانییش،
دەنگت نابێت،
شەڕێکی خوێناوییم
دژبە وەرزە گەرمەکەت ڕاگەیاند.
...

شەڕ

٩٥

یەکەم ڕۆژم بێ تۆ بەڕێ کرد، زیندووم و نەمردم،
بەڵام یەک دێرە شیعرم نەنووسی!
بیست و چوارسەعات ڕۆیشت و بۆت نەنووسیم.
بەڵێ، زۆریش چاوەڕێ بووم
بە نووکەیەک لە منت نەپرسی !
بیرتە شەوان کە دەخەوتم،
بە قوڵت بالیفت بۆ دادەنام،کەچی ئێستێ
گەلێ سەیرە، چۆن بەوزوڵمە گەورەیە لە خودا ناترسی!
...

کێندەرێت شیرینە، توخوا با بۆ من بێت،
من شێتی شیرینییەکانی تۆمە!
چاوت ڕەشە، بەو چاوە
من تەمەنێکی تر لەگەڵ تۆ پێدا دەچمەوە!
ناخەوم، ناخۆم، گەر بەر لە خەوتن
شیلەی هەنگوینی دەمت نەخۆمەوە!
ناخەوم تا
ئاوی شەهوەت لە نێو کانی ڕانتا نەخۆمەوە.
...

گەر ئیمشەو، وەک ئەستێرەیەکی گەش
لە ئاسمانی پەنجەرەکەم دەرنەکەوی،
گومان لە ئاسمان دەکەم!
گەر بەر لەو خەوتن، تۆ بە من نەڵێیت: «شەوباش»،
وادەزانم، تۆش وەک من، بوتڵێکت خواردووەتەوە.
گەر ئیمشەو دیسان، هەناوم بە ماچێک، فێنک نەکەیتەوە،
وادەزانم پلەی گەرما، بەرەو سەرووی شێستیش بووەتەوە.
جا بڕۆ کارتێ، بۆ قسە و دیتن و ڕازت بکرە
وا ماڵەکەم لە داخی عەشقا دەپووکێتەوە.

...

ماڵەکەم

## جانتا

٩١

شەست ساڵە قژم سپی بووە،
بە یەک مانگ، ژنێکی نەرم
خەریکە بۆم ڕەش کاتەوە!
لەوژنە داوا دەکەم، دڵم نەشکێنێت..
وەفادارانە، دەمخاتە ناو جانتاکەی و
بە دزی دەمباتەوە!
یەک ڕۆژ دیارنەما، دەنگی نەبوو، نەمبینی،
وا دیسان خەریکە قژم سپی بێتەوە.

...

## بێجامە

٩٠

هەموو خەتەکانی ڤایبەر توانەوە
کە تۆ بەڕاستی وەحدە و کارتت نەما.
ئایفۆنەکەم گڕی گرت،
کە دەنگ و وێنەی تۆ نەما.
منیش، وتم گاڵتە دەکات،
ئەو ناتوانێت، یەک دوو سەعاتیش بێ هەرخۆشە گەمە..
بەڵام گەربزانم، شەوێک، من ناخەوێنێ،
لێی دەچمە ژووری، بە فانیلە و بێجامە.
...

## خودا

٨٩

چوومە ناوتاریکی شەو،
وتم لەوێ بێت، ناهێڵم چراییێک داگیرسێنێ
ناهێڵم، هەڵسێ و دەم کاتەوە ولێم پرسێ
هەربە ماچ، شەوەکەی تەواو دەکەم
پێویست ناکا ئەولە خوداش بترسێ.

...

## پەشیمانی

٨٨

چۆن دەتوانی لە شەوێکی گەرمی هاوین،
کارەبام لەسەربکوژێنیتەوە!
نەتدەزانی، ئەوشەوەش وەک شەوانی تر
دڵت بۆ دڵم تەمەن دەنووسێتەوە!
من چاوەڕوان بووم، وامزانی لە حەمامی
تا بەرلەوەی بێیتە ناوباوەشم، جەستەت وشک بێتەوە!
من وشک بوومەوە، نەهاتی،
جنێوێکم نارد ووتم،
قەیدی نییە، بەیانی زۆریش پەشیمان دەبیتەوە!
...

## گەمە

٨٧

هەموو جوانییەکانی ڕۆحم، دەبەرتۆکرد،
هەموو نەرمییەکانی خۆم، ئیمشەولە تۆ ون کرد،
هەموو گەرمییەکانی تۆم، لە خۆم کرد،
وەرە با ساردت کەمەوە، وەزرە گەرمەکە،
بەو ساردی و گەرمییە، خۆش دەبێت گەمەکە.

...

من وادەزانم ئەگەر بە سەرخۆشی
بە یەکەوە بین شەوێکیان،
من دەستی خۆم، تۆش ناناسیتەوە چاوەکان،
من وادەزانم، گەر بە هۆشیاری
لە بن سێبەری دارێ
بە یەکەوە بین ڕۆژێکیان،
دارەکە بە ئاهی تۆ، باڵدەگرێت دەگاتە ئاسمان.
...

ئاسمان

٨٦

مەیلت هەیە، پێکڕا بچینە حەمامێکی ڕووناک،
لەناو کەف و ئاو..
تۆ من ڕووت کەرەوە و منیش تۆ..
تۆ سەتڵێکم بە سەردا کە،
منیش، دڵۆپ دڵۆپ شیلەی گەرم
دەرێژمە هەناوتەوە!
...

## حەمام

٨٥

ژنەکە
تۆ شەوان چرام بۆ دادەگیرسێنی
من دەمەوێ تاریک بتبینم!
پاش ژووانێکی خۆش
بە تاریکی خۆشە پاڵدانەوە..
لە باوەشت هێور هێور خەوتن!
درۆ دەکەم، ناخەوم، پشوو دەدەم
تا دیسان هەڵسمەوە!
بەو شەوە لە تۆ تێریش بم،
تۆ ناهێڵی
ساتێ لەسەر جەستەت بسرەوم!
...

باوەش
٨٤

# ئەنگوستیلە



پەنجەی بە ئەنگوستیلەتم بینی
حەزم چووەتە ڕەنگەکەی،
رۆژێکی گەرمی هاوینی
شەیدا بووم بۆ بریسکانەوەکەی
کە قسەم لەگەڵ دەکا،
پەرۆشم بۆ زمان ولێوەکەی،
نازانم کەی ولەدڵەوە پێم دەڵێ:
وەرە ماچم کە، تۆگیان وڕۆحەکەی
...

نازانم سەرخۆشم یان شێتم،
دەمەوێ ئاسمان، ژنێکی رووتم، بۆ فرێدانە ئەو دەشتە!
ژنێکم بۆ بێنێتە ژوورەکەم،
ناو دێری شیعرەکانم، بێگومان ناچارم بڵێم ئێرە، بە تەواوی
بەهەشتە!
ژنەکە بێزاریت، ماندوویت،
یان حەزدەکەیت، تۆ بۆ من ببیتە فریشتە!
...

فریشتە

٨٢

چەند شەوە
یەک سەدەیە،
گوێم لە دەنگت نەبووە، من بە دەنگی تۆ دەبوژێمەوە.
چەند رۆژە، تۆم بەو چاوانە نەدیتوە،
بە چاوە ڕەشەکانت، سپی سپی دەبمەوە.
چەندی تەلەفۆنت بۆ دەکەم، لە سەدجار، جارێ بڵێ: بەڵێ،
بە دەست خۆم نییە بەووەڵامە دەبورێمەوە.
چەند پەرۆشم بتبینم! وەرە قازانج دەکەیت،
چونکە دووگمەی سوخمەت، بەس بە پەنجەکانی من
دەکرێنەوە.
بۆت بترازێنم، دەربێنم مەمەت، بیانمژم،
بە سەرە پەنجە گۆییەکانی بلەرێنمەوە.
چەندە جوانە کە دەڵێێ: هەرچیم هەیە بیانکەوە
بەو شەوە، من بەس بە تۆ ئۆقرە دەگرم و دەحەسێمەوە.
...

بەتەنیای ؟!
گیانە، بۆ من لەگەڵ خۆت سوارناکەی
مەرج بێ، وەک جانتاکەت
بێدەنگ و بێ جووڵە لە تەنیشتتەوە بسرەوم!
تەنیا مەبە، داوەتم کە،
لەگەڵ خۆتا، بۆ ڕێگای نزیک نا، بۆ دوورم بەرە،
ئاخر من خانەنشینێکی عاشقم!
تەنهاییەکت دڵم دەگوشێ کە دەزانم
کەست نییە جگە لە من،
منیش لە خۆشی لەگەڵبوونتا دەبمەوە هەمان جەحێڵی جاران!
...

خانەنشین

## دوودڵ

٧٩

دوو مەمەت،
با یەکیان بۆ ناو دەست
و ئەوی تریان بۆ دەمم بێت!
دوو چاوت،
با یەکیان بۆ چاوەڕوانیم
و ئەوی تریان بە قوربانم بێت!
دوودڵ مەبە،
وەرە، ناخەوین ئیمشەو،
تۆ ڕووت ڕووت، منیش، دونیایەک شەهوەتەوە دێمە بن جێت!
...

## پاقلاوه

٧٨

ژنەکە،
تاریکە ژوورەکەت!
لێگەرێ لەگەڵ تۆبوون با تاریک بێت ئەوناوە!
ژنەکە،
گەرمە شارەکەت،
لێگەڕێ لەگەڵ تۆبوون با گەرمتربێ ئەوهەتاوە!
لە تاریکی وگەرمی،
لەوە خۆشترنییە
بە دەم ڕامووسانەوە
یەکتری بخۆین هەروەک شیلەی پاقڵاوە!
...

چۆن دە دەقە بەشی من دەکا
کە زەمەنێکە چاوەڕوانم!
بە وردە ماچ تێربوونم بۆ نییە،
مەڕۆ ژنە شێتەکە،
بە ماچی کورت و شیرینت
لێم ون بوو و نادۆزمەوە زمان و لێوم!
...

زمان
٧٧

دەستەخوشکەکانی ژنەکە وتیان:
ماوەیەکە ڕووت خۆشە و زۆر پەمبە دیاری!
دەبینین، قژت لەسەر ڕووت
داو داوە، خۆشت بە لەنجە و لاری !
ئەویش بە چرپە پێیانی گوت:
ماوەیەکە، داوی قژم داوە لە پیاوێکی سپی
شەو نییە بەسەر سینگمەوە
تەڕتەڕوەک گەزۆ نەبارێ...

## هەناسە

٧٥

پێت سەیرە، بە یەک وشەی تۆ
دەتوانم هەناسە باشتر هەڵمژم!
منیش سەرسامم، کە تۆ،
بە جووڵەی یەک پەنجەی من
دەڵێت: دەتوانم تۆ باشتر بمژم!
کە خۆشم، فەرموو جەستەم، هانێ دەستم
با لە خۆشیانا دەربێنم تاڵ تاڵی قژم!
...

## دەستخۆش

٧٤

بۆ خۆمە ماچت دەکەم، یا تۆ زۆرتر پەرۆشی!
بۆ خۆتە، شەوانە میوانم دەبیت
یان لە بەر منە، چونکە سەرخۆشی!
دەستت خۆش، کە ئیمشەویش،
زۆر بەسۆزەوە خۆت بە من بەخشی!
تۆش بڵێ: دەستخۆش، کە مەمکمت،
چەندجار بە زەوقەوە گوشی!
...

ناخۆمەوە، گەرمەزەکەم بە دەستی تۆ نەبێ!
نارۆم، گەرهەوارەکەم نزیک ماڵی تۆ نەبێ!
نانووسم، گەر بۆ چاوی ڕەشی تۆ نەبێ!
ناخەوم، گەرلەسەرباسکی نەرمت نەبێ،
هەڵناستم، گەرجەستەم پێتەوە هیلاک نەبێ!
ناکرێ، تۆش خەنە بۆ خۆت بکەی و بۆ من نەبێ.
...

ماندوو

٧٣

## دووکەزی

٧٢

شنەی فێنکی شەماڵێکم لێ دەدا،
دوو کەزی ئەوسروەیە، لەدەستم دەئاڵێنم بۆتۆ!
ئەگەروشەیەکی نازدارم بەرچاو کەوێ،
لەناودێری نووسینێکا، دەینەخشێنم بەس بۆتۆ!
بەڵام، کە دووری و سوتانێک دێتە پێشم،
بۆخۆمی دادەنێم و هەرگیز نایینێرم بۆتۆ!
تۆش، دەی قەندی لێوت بتاوێنەوە،
بەنازەوە بڵێ، هەتا مەست دەبیت، فەرموو بیخۆ!
...

شەوێکیان لە ئەستێرەیەکم پرسی:
تۆش لێت ونە یاربۆیە وا کزی!
بێ ئەوەی شەرم کات گوتی:
لەبەرتۆیە، خەمگینم، ژنەکە دیارنییە
ئیمشەویش بداتەوە قەرزی!
قەرزارە ئەو، زۆریش! بۆیە هاتبووە بەرامبەرم و
دەپاڕایەوە وزۆریش دەلەرزی!
من لەجیاتی ئەو، پێت بڵێم بۆ ئەونەهات شەو:
چووە، لەسەرشانی، یەکەم پیتی ناوت بنووسێ بە دەرزی!

...

## دەرزی

٧١

ژنێک پڕ لە ڕەش دەکاتەوە

بەیانی باش، چاوەڕوانم لە خەو هەڵسیت
شەکری ئیمرۆت بۆ بنێرم!
لە خەو هەڵسا، وەرە گوێ لەو ڕازە بگرە
وابزانە لەناو هەولێرم!
شەکری تۆ چییە، نایدرکێنیت؟
ماچت دەکەم، هەربڵێ نابەزم و من شێرم!
...

هەولێر

٧٠

خەنی بووم ئیمشەو، چونکە چەند چرکەیەک
قژت بە زەوقەوە بۆم کەوتبووە سەما!
دەنووم ئیمشەو، چونکە هەموو جەستەت شێتانە تامی کردم!
نەخەوتم ئیمشەو، چونکە تۆ، بە وێنەوە یەک دوو دەقە،
قسەت بۆکردم!
بەڵام! تۆ ناخەوی، چونکە دەڵێت:
ئەو پیاوە زاڵم بوو، بێ ماچ ئیمشەو، بە ساردی بەڕێی کردم!
...

بەرلەوەی بالیفێکی سارد لە ئامێزبگریت،
با، من تێرتێربە ئامێزم گەرمت کەمەوە!
بەرلەوەی بچمە سەرمووی باریکی بڕیارێ،
تۆ، ڕاستی ناودڵی خۆتم بۆبکەرەوە!
لە دەمەساتی یەکەم
بە دڵاواڵەییت زانیم، دڵمان پێکرِا جووت بووە!
...

دڵ
٦٨

## پاسەوان

٦٧

لەبەرئەستێرەیە، یان لەبەرسروەیەکی فێنک
من حەزبە شەو دەکەم!
لەبەرتۆیە، یان لەبەرخۆمە
من دەمەوێ شەوانە نەخەوم!
نازانم..
تۆ دەزانی، بۆ من شەوانە
پاسەوانی لە ناووێنەت دەگرم!
چونکە، ڕاهاتووم و ناتوانم، بێ تۆ ئۆقرە بگرم!
...

تێدەگەی کە دەمەوێت، قژت پەخشان بێت،
بەڵام لێم نەشارێتەوە چاوی ڕەشت!
دەزانی دەمەوێت، شەوانە لە خەودا
سانا، بۆم خاوبێتەوە لەشت!
دەزانی شادمانم تۆ خۆت بدرکێنی:
بفەرموو، ئازادی و هەڵبژێرە بەشت!
...

هەڵبژێرە
٦٦

## قەند

٦٥

که چاوەکانت دەخۆمەوە، مەزە و بەزمم ناوێ!

که لێوت شەکرە، قەند و تامی ترم ناوێ !

که شەوانت فێنکە، هەرگیزوەرزەکانی ترم بۆژیان ناوێ!

ڕۆژەکانت گەرمە، بۆیە دەڵێم:

وەرە ڕووت ڕووت بنووین

باش بزانە، بێ تۆ نان و ئاوی ئەو شارەشم ناوێ!

...

## دووری

٦٤

لە دووریتا من زۆر نزیکم لەنزیکیت،
نازانم چەند دەتوانین
لەنزیکەکان دوورکەوینەوە؟
من پەرۆشم! نزیک بین لەوەی کەدوور بین،
لەو دوورییە، دەزانین پێکڕا بیرلە چ دەکەینەوە؟
بڕوا دەکەم، تۆ لە من پەرۆشتر بیت، دوور بین،
تا لەو دوورییە، گرەوی ماچی زۆرتر لەیەک ببەینەوە!
...

## گوارە

٦٣

ئێستاش من نازانم بۆ حەزدەکەم
گوێم لە دەنگت بێ!
تۆ دەزانی، بۆ حەزدەکەیت
دەنگم لە گوێت جووتێ گوارە بێ!؟
من نازانم، تۆ دەزانی بۆ هەردووکمان بووینە هاوڕێ!
پاش یەک دوو وردە ماچ،
شەوانە بە شیعرەکانم، بەڵام بە دەنگی تۆ خەوم بێ!
...

چیت بۆ بنووسم، ئەگەر هەتاوت نەمسوتێنێ،

چۆن ئارام بم، ئەگەر دەستت جۆلانەی دڵم رانەهەژێنێ،

تۆش وەک من بە، پەرۆش بە، بۆ ژووان

تا شەوانە فەرمان بە قەڵەمەکەم

بە شیعرەوە بتخەوێنێ.

...

## دەمار

٦١

ئەوەی ناردم شیعر نییە،
پارچەیەکە لەو دڵەی کە نوزەیەکی ساردی ماوە!
ئەوەی ناردم، پیت و وشە نییە،
باریکە دەمارێکی گیراوی ناو سینگ و هەناوە!
من هیچی تۆم ناوێ، ئەزیەت مەخۆ،
بەس بڵێ، وەریاندەگرم،
خۆت و شتەکانت میوانی سەرهەردوو چاوە!
...

وتت سوپاس بۆ ئەو ماچە دوورە!
ئەی گەر، لە نزیکەوە ماچت کەم؟
گەر بە تەنیشتتەوە وەنەوزێ بدەم!
گەر، لەسەرسینگت تا بەیانی، ئەم بالیف و ئەوبالیف بکەم!
ئەدی ئەگەر ڕووتبینەوە،
کچێ
سوپاسێک کەمە،
دەبێ بە دونیایێ: سوپاس
پڕم کەی لە ژیان تا ئاسوودە بمرم.
...

**سوپاس**

٦٠

## نووشتانەوە

٥٩

نیو چرکە بڕۆیت زۆرە،
بەڵام گەرڕۆیشتی، من ڕازێک دەنووسمەوە!
ڕازێکی کورت، کە بینووسم، چ نییە،
کەچی تۆ دەڵێیت: من بەوە یەک هەفتە دەبوژێمەوە!
دەست لە بووژانەوەی خۆت هەڵگرە خۆپەرست!
ژیان وا خۆشە، ئەو چرکە
پێکرا بنووشتێینەوە!

...

هەرگیزڕازی نیم، کەس دەستم بوگشێت!
کەچی وا بوویتە ڕاستی و شەوانە نەک دەستی من،
دەستەکانی تۆش چەقاوەسووانە لە گەردەنم دەئاڵێن!
هەرگیزبڕوام نەبوو، هیچ پیاوێ، سمێڵیشی نەبێت و
بتوانێ ماچم کا،
کەچی دڵم بە تۆی قژفڕ فێربووە و
بەولێوانەم پێت دەڵێم:
ماچم بکە، چاوانم بە قوربانت!
...

## لە زمانی ئەوەوە

ژنێک لە هەورامانەوە ویستی بخەوێت، گوتی: کوا بالیفم!
منیش لە دوورەوە گوێم لێبوو، وتم فەرموو:
هەردوو مەچەکم!
ژنێک لە گەرمیانەوە گوتی: دەمەوێ پشوویێ بدەم، بەڵام خەون
ورازم نییە!
وتم فەرموو دوو باڵی شیعرم!
چۆمانییەکی چاوڕەشی عاشقە کل، گوتی: ئاوێنەم نییە، ڕوون
خۆم ببینم،
منیش بە حەسرەتی دوو چاوی ڕەش وکانی ژیان
گوتم:
وەرە ولە ئاوێنەی پرچی سپیما ڕەش کە چاوت، تا بۆیان بمرم!
...

وتت دەڕۆم و دەچمەوە نێو دەفتەرەکەم،
کەچی ئۆقرەت نەگرت بەدەم ڕیزکردنی وشەکانەوە!
وتت دەخەوم و شەو درەنگە،
سەیری ئەستێرەکانم کرد، بینیم لەوێ
چرایەکت پێیە و ڕووناکیان بۆ دەبەیت!
وتت، دە قسەیێک بکە ماڵ خراپ
دەنا خۆم دەگۆڕم و چەرچەفێکی مۆر دەپۆشم!
بە بزەیێکەوە پێم گوتی: هەرچی بکەیت، لە دووری من ناتوانی
بخەویت!

...

چەرچەف

٥٦

چاوم بگرن، دەمم داخەن، بە لەمس دەتناسمەوە!
بیرم بگرن، پەنجەکانم ببڕن، بە قەڵەمەکەم بۆ ناو باوەشم
دەگەڕێمەوە!
نازیش بکەیت، دووریش بڕۆیت،
وەک میلی سەعات، بۆ لای خۆم دەتسوڕێنمەوە!
تۆش ئاوێزانم بە، وەک لاولاو،
تا لە پێچاوپێچی ڕۆحتا بتوێمەوە!
...

ئیمشەو بۆ من، درۆیەکت لەگەڵ هەموان کرد:
وتت: دەچمە ژووریَ، مۆمی بەرئاوێنەکەم نەکوژاوەتەوە!
وتیان: دە برۆ، نەبادا بەو مۆمە، ماڵەکە بسوتێت!
وایانزانی، خەمی مۆم و ماڵەکەتە،
بۆیە سەردەکەویت!
بەڵام ئەوان نازانن،
خەمی تۆ، نە مۆمە و نەماڵ
حەسرەتی ماچێکی لێوی منە بەدەم گرتنی سووره هەنار!
...

سووره هەنار

بۆپێت گوتم:

٥٣

تۆ بۆ وێنەی من هەڵدەگریت،
خۆ من، بەگۆشت و ئێسقانەوە بۆت وەستاوم!
بۆ دیداری منت دەوێ، خۆ من پێتەوە نووساوم!
کە بۆنم کردی، لەگەڵ هەناسەکەت هاتیتە ناو هەناوم!
ڕۆژانە،
دەزانیت کەی خەنە دەگرمەوە،
کەی هەڵدەگرم مووی ڕووم و برۆ!
گیانە،
تێبگە، وا خۆم داوەتە دەستت، چیت دەوێ ئامادەم،
لەو ڕۆژەی تۆم ناسیوە هەتا ماوم!
...

## شوان وبلوێر

٥٢

دارچنارێکی نزیک ڕووبارێکی تیژ،
وتی ئەوژنەی تۆی سوتاندووە، قەدی وەک قەدی منە!
وتم ئاخر لە من دوورە و دەستم نایگاتێ،
بەڵام کە لێم نزیکە و دەمینێتەوە
قەدی شمشاڵێکی شەش کونە!
من دەمەوێ قەدی ئەوژنە، لە نێو ڕۆحما هەڵگرم،
تا ڕۆژنامەکانی هەموو دونیا بڵێن،
چەند ڕۆژە بلوێری شوانە دیارنییە وونە!
...

لە مەکتەبەکەت ناوم بنووسە،
پێیان بڵێ، کە منداڵ بووە نەچووەتە بەرخوێندن
تا هەموو ڕۆژێ بەو فێڵە بێمە پۆلەکەت،
پیتی ناوم بکەرە مەدالیا
با لە گەردەنت ئاڵێ
با وەک میلی کاتژمێرە کۆنەکان ئەمبەرو ئەوبەری حەج کەم
با لە بۆن و مکیاژو بەنی ستیانت خۆم مەست کەم،
ئاخر هێندە حەسرەتتم
کە بڕوا ناکەم هیچ شەوێ
خەو بچێتە چاوانت
ئاخر گەرمن مەدالیا بم
هەموو شەوێ سڕدەکەم کانگەی ژیانت.
...

## زستان

٥٠

چەند ڕۆژە ژنێ، وەک چنارلەبەردەمم دەوەستێت
دەپرسێ، ئاخۆ بۆ ئاگام لەو نەماوە!
ئاخۆ ئەو جوانە گەرمە ژنە، تۆی فریو داوە؟
منیش دەڵێم: نازانم، هێندە نەبێ
ئەو ژنە لە زستانیشا
بۆ من
هاوینێکی لە هەناوە!
...

## چەتر

٤٩

قبووڵ ناکەم چیتر بەو چاکێتە سوورەتەوە
لەبەردەم کامیرای کەس بوەستیت، خۆم نەبم!
ناهێڵم، بچیتە بەرهەتاو بەو هاوینە،
گەرمن، سەیوانی سەرت نەبم!
تۆش مەهێڵە بڕۆم
دەنا لەو شارە بەیەکجاری ون دەبم!
...

گەرئەمشەو، وەک دوێنێ، دەنگت نەبێ،
دەترسم، دڵم بکەوێتە ناوبەست وکەندێ!
ئگەربەردەوام، وێنەکەت لە باخەڵما هەڵنەگرم
دڵنیا نیم لەوەی بمفرێنێ ڕەشەبایێ!
بە تەنیا و دووریش بڕۆین، گەرمن لەوگەردەنە نەکەم
ڕامۆسانێ،
هیچ دوورنییە ئوتومبێلە (KIA)کەت لەدەست وەرگەڕێ!
...

KIA
٤٨

## چاکێتی سوور

٤٧

چاکێتەکەت سووری سوورە
بیرم لەوە دەکەمەوە ئاخۆ چەند هەناریان بۆ ئەوڕەنگە
گوشیبێت!
تۆ بڵێ ڕەنگیان لە تریفەی مانگیش نەدزیبێت!
دڵنیام، بۆ ئەوڕەنگە،
دوور نییە خوێنی
عاشقێکی وەک منیشیان بۆی مژیبێت!
....

دوو عاشقەکە،

گەرکارەبا نەبێ، ئێوە چ دەکەن؟!

وتیان:

گەرزستان بوو، هەردووکمان دەچینە باوەشی یەکتر!

گەر هاوینیش بوو،

هاوین خۆشە..

لە سێبەری ساباتێک، بە ڕووتی لە بن کفنێکی تەنک،

بە ڕاموسان، وشک دەکەینەوە ئارەقەی یەکتر!

...

کفن

٤٦

شەو درەنگە، بارانیش لێبووەتەوە
لەسەر بالیف و ناو خەونەکانم!
هەموو ژنەکانی گۆرانییەکەی حەسەن زیرەک
وازیان لە شایی هێنا
مامەوە خۆم و خەونێکی بەتاڵ
ئای ..
چیتر نامەوێ ژنان ببینم،
هەرچەندە دەزانم زۆریش پەشیمانم!
...

## شایی

٤٥

پەنجەکانت لە ترسی پیری، قژم شانە ناکات!
چاوەکانت لە ترسی تێری، بۆ پەنایەک بانگم ناکات!
لێوت لە ترسی لێوی شێتم، داوای سەد ماچی درێژ ناکات!
..
ڕۆژێ دێ
پەنجە و چاو و لێوت،
شێتانە دەقیژێنن:
ئەو پیاوە، بۆچی هیچمان لێ داوا ناکات!
...

دەترسم شەوێک

لە بەرچرای ئەستێرەکان، ئاگام لە ژووانی تۆ نەبێت،

خەمی ئەوەمە تۆش، ڕۆژێکیان

لەسەرنەخشەی درووومانی سووخمەیەک خەو بتباتەوە،

گوێت لە زەنگی تەلەفۆنەکەی من نەبێت،

ئیترتەمەن، بۆئەوژوانە، هەتا ماوە هەرشەرمەزاردەبێت!

...

ژوان

٤٣

هەرچاوەڕوانی؟
منیش وەک تۆ!
کەس نییە دەرگام لێ کاتەوە!
تۆ، هەرتەنگاوی و ئارەزووتە بمبینی
چ بکەم مێروولەیەکیش نییە، نامەیەکم بۆ بگەیێنێتە تۆ!
لەوە زیاتر ناهێڵم چاوەڕوان بیت،
بۆیە وا شیعرێکت بۆ دەنووسم،
ڕەنگە بەوەش دڵی هەردووکمان، ئاوێک بخواتەوە!
...

## دڵۆپە ئاو

٤١

کەس من ناناسێت، بمبەرەوە ژوورەکەت
بڵێ چاویلکەیە دکتۆر بۆی داناوم!
کەس بۆنم ناکات، لە ناو جانتاکەت جێگەم بکەوە،
بڵێ چوکلێتە بۆ گەرمی گیانم!
دەستم بگرە، مەترسە کەس من نابینێت،
بڵێ دڵۆپێک ئاوە و پیاوێک پرژاندوویەتییە هەناوم!
...

# لێکنەگەیشتن

٤٠

ماڵتان دوورە، ئەگەرنا دەهاتم و دەمپرسی بۆ دەنگت نییە!

ژوورەکەت بەرزە، ئەگەرنا سەردەکەوتم، بزانم بۆ ڕەنگت نییە!

کە بۆژوانێ دەرکەوت، وادەزانێ بێ دڵم!

زۆرتووڕەییە، پێم دەڵێت:

تۆ دڵت ڕەقە، بۆهیچ هەواڵ و نامەیەکت بۆ من نییە!

...

چاوەڕوان بە، با ئەو خەنەیە بشۆم
ئینجا دەڵێم فەرموو، بۆنم کە!
چاوەڕوان بە، پاش نوێژەکەم نزاییێکیش بخوێنم
ئینجا دەڵێم فەرموو، ماچم کە!
چاوەڕوان بە، با بە سۆزەوە بانگت هەڵدەم
ئینجا وەرە ورد ورد ڕەحەتم کە!
نا، نا
وەرە پەشیمان لە هەرچی ڕەنگی خەنە و نزای نوێژ
دوامەکەوە، کە بە سۆزەوە بانگم کردی،
زوو، بە پەلە هەمووم گیانم بە لەشەت سواغ کە!
...

## سواغدان

٣٩

بارانێکی نەرم دەباری، چەترەکەم کردەوە و پیادە بووم!
باش دەمبینی قەد و گەڵای دارەکان،
لە خۆشی ئاوەکە دەبریسکانەوە!
چەترم فڕێ دا
وتم با باران تەڕم کات و
قژی سپییم بۆ بهۆنێتەوە!
...

هۆنینەوە
٣٨

بەرنامەی ئەو شەوەش تەواو،
چەند ڕازو دووجار بە قوربان!
تەواو..
وتت من هاوینێکی گەرمم، دەچمە بەرسروەیەکی بەیان!
منیش وتم: ماوە هێشتا مەڕۆ،
بڕیارە ئەمشەو
ببمە عاشقێکی ڕیشدار،
تۆش مەلائیکەتێکی یەزدان!
ئیتر حەرام نییە،
بە یەکەوە چی بکەین وەک دوو ئینسان!
...

## مەلائیکەت

٣٧

وامەزانە من بەس بۆ ماچێ پەرۆشی تۆمە!

وامەزانە من بەس بۆ شەوو چاوت شێتی تۆمە!

ژنە چاوڕەشەکە،

وادەزانیت من بەس لەبەر،

سینگ و مەمک و لێوت پەرۆشی تۆمە!

نا، وا نییە، من سەرمامە،

شەختە هەراسانی کردووم، بۆ گەرمی جەستەت زۆر برسیمە!

...

برسی

٣٦

یەک کەس،
ئەویش ژنێکی چاوڕەشە،
ئەگەرنا، کەس نازانێت، من لەوڕۆژانە بە چیەوە مەشغوڵم!
دیارنییە کەی دەخەوم
کەی دەردەچم، لەکام گەڕەک و میوانی کام ماڵم!
ئەودەزانێت، من بیرلە چ دەکەمەوە، چ دەکەم،
پیرێکی ئاخرشەڕم یان تازە گەنج و منداڵم!
بە یەکەوە دەڕۆین و پێکڕا دەخەوین،
ئەو بۆ من لێوە، منیش بۆ ئەوئامێزو باڵم.
...

## میوان

٣٥

## من وتۆ

٣٤

ئەوبە خۆی نا، بەڵام چاوەکانی دەڵێن:
من ئەوە دەخوێنمەوە، ئەوەش، باش دەبینم
کە ژنەکە ئارەزوو دەکات، بێتە ژووانم.
من بە خۆم بەڵێ، هەموو جەستەم دەڵێن:
کە هاتی، ماچێکم لە ڕووت دزی
حەزدەکەی بنوو لەسەرڕانم.
هەردووکمان، بە خۆمان دەڵێن:
بەیەک شەوتەواو نابێت، قسەوگەمە، من دەڵێم مەڕۆ،
تۆش دەڵێیت: چۆن دەتوانم دەربهێنم لەناو دەمت مەمکەکانم.
...

## ڕۆژو شەو

٣٣

لەوەتی من ئەوژنە دەناسم،
شەوەکانمان وەک یەکە،
من لە پەنجەرەکەی خۆمەوە، ئەویش لە قسەکانی منەوە
دەزانین کاتی خەوە!
دەخەوین..
ئەوبە خەیاڵ لەگەڵ منە و منیش ڕێک دەچمە پاڵی،
ناخەوین..
چونکە لەبیرمان دەچێت، ڕۆژە یان شەوە!
...

## هەتاو

٣٢

چوومە بەرهەتاو،
هەستم کرد خۆرەکە دەمبرژێنێت،
ویستم سێبەرێک بۆ سەرم بدۆزمەوە!
هەتاوتی: خۆت ئەووەرزەت پێ خۆشترە،
لەوژنە دابڕێی
هەرگیز لەبەرخۆم ناتبینمەوە!
تۆ دوژمنی گەرمای
بەڵام ژنێک عاشقەگەرمای کردووی،
لەبەر گەرمای مندا دەتهێڵێتەوە
...

## دووری

٣١

ژنێک چاوەڕوانی پیاوێکە،
بڕیارە بیباتە بن دارێک
لەوێ ژنەکە پێی بڵێت: تۆ، وەک قەدی ئەو دارەی بۆ من،
پیاوێک چاوەڕوانی ژنێک دەکات،
ئارەزوو دەکات
بەس پێی بڵێت:
چاوڕەش، خەوت لێدەکەوێ
گەردەنگم نەبیستی و دوور بیت لە من!
...

## حەمام

٣٠

ژنێک دەرچوو لە حەمام،
لەوێ نەبووم!
ئەگەرنا، خۆم جلەکانم بۆ لەبەردەکردەوە
لیفکەم بۆ دەخوساند، سابوونێکی بۆنداری نوێم
لە کاغەزەکەی بۆڵێ دەکردەوە!
کەفاوێکی خەستم بۆ دەگرتەوە،
جوان جوان دەمشووشت، وشکم دەکردەوە
بەڵام! کە دەردەچوو،
نەمدەهێشت قەت جلەکانی لەبەر کاتەوە!
...

## ژنی چاوڕەش

٢٩

یەکەمجارە بزانم ژنی چاورەش دەمهەژێنێ
تازە زانیومە ژنی چاوڕەش شەکرەم هەڵدەستینێ،
فێریان کردم، چاوی ڕەش بۆ پیاوی سەرسپی
حوکمی ڤیاگرایە و دەیجوڵێنێ
بەڵام باش دەزانم چاوڕەشەکەم،
وا جانتاکەم دەکۆڵێتەوە و
دەیەوێ پاسپۆرتەکەم بدڕێنێ..
تا نەتوانم بڕۆم و شەوانە لەجیاتی مۆم پەنجەکانم داگیرسێنێ!
...

## دەست

٢٨

حەزدەکەم داواکاریت زۆربێ،
شەرم مەکە و پێم بڵێ،
وەک سمۆرە بۆ ژوورەکەم سەرکەوە..
مەترسێ و شەوان بۆ ناو سینگم غلور بووەوە،
دوودڵ مەبە،
دەتگرمەوە
هەردوو دەست و سینگم بۆ بەربوونەوەت دەکەمەوە!
مەترسە و شەرم مەکە، چیت دەوێ داوای کە!
گەرستیانت دەوێ
فەرموو دەستم بۆ مەمکەکانت ببڕەوە!
...

تۆوتت حەزم لە چرای مۆمە
کە هاتم، مۆمێکم بۆت داگیرساند..
تۆوتت شەوانە خەوی تۆمە
کە هاتم باسکێکم بۆت ڕاپچڕاند
تۆوتت دڵم مەشکێنە و سادە بمدوێنە!
بۆیە منداڵ بوومەوە و گریانێکی زۆرم بۆ مەمکت دامەزراند.

...

ژنێک پرچم ڕەش دەکاتەوە

وتت تۆ بەفری، بە ئاسانی لەبەرهەتاوم دەتوێیتەوە!
تۆ دارێکی ماندووی، بۆ سێبەرم دەنوشتێیتەوە!
بەڵێ شانازم بەفرو سێبەرت بم،
چاوڕەش، رازییم..
بەفرم بتوێنیتەوە!
سێبەرم بڕەوێنیتەوە!
کانگای ژیانم بپچڕێنیتەوە،
لە ژوانە شەوانەیەدا
ڕووت ڕووت لەبۆم بمینێیتەوە!
...

چاوەڕوانی

٢٦

## چاوڕەش

٢٥

تۆلە دەوام دەگەڕایەوە

منیش لە دەوامی چاوەڕوانی تۆ بووم!

وتت ماندوو نەبی، وتم هاتووم بە تۆوە ماندوو بم!

تۆ ڕۆیشتی، من بۆ ناشتنی چاوەکانم سەرگەردان بووم

دوایی زانیت، بێ من ناتوانیت، گەڕایتەوە و

بەسادەییەوە وتت: وەرە بەقوربانی چاوەڕوانییەکەت بم!

...

## جەستە

٢٤

هەموو ئەندامەکانی جەستەی تۆم دیوە
وەک دکتۆرەکەت
وەک خۆت،
کە لە حەمام بۆ ئاو ڕووت دەبیتەوە!
وەک ماکسییە سوورەکەت
بە زمان تامی هەموو ئەندامەکانی جەستەتم کردووە
وەک خۆت، پاش ماچ وڕامووسان دەبووڕێیتەوە!
ڕووت مەبەرەوە، مەبوڕێوە،
با برینم لەسەر سووری چاکێکەکەت بوکلێتەوە
...

## هەرمێ

٢٣

چۆلەکەیەک هات و بیری تۆم کرد،
چونکە گۆی مەمکت وەک دەنووکی سوورە!
گەزێکم لە پارچە هەرمێیەکدا
زەوقم بۆ تۆ هەڵسا
چون تامی وەک تامی نێو دوو ڕانی بۆرە!
تینوومە، بیرلە ئاو ناکەمەوە،
قووڕگم تینووی لیکاوی زۆرە!
...

بۆت بنووسم شیعرێ
بۆت بچێنم گوڵێ!
خەناوکەیەکی زێرو مorroوت بۆ دانێم!
چیت دەوێ ئامادەم بەس بوارم بدە،
زمانێک بە ئارەقەی نێوان هەردوو مەمکت دابنێم!
...

پەنجە

٢٢

وتت: چاوێک گەرم دەکەم و دەگەڕێمەوە

وتت: بۆنێک لە بن گوێیەکانم دەدەم و دەبریسکێمەوە

وتت: دەچمە بەرهەتاو و دەتوێمەوە

وتت: بۆ تۆمە بۆنی بن گوێ و سروەی قژم..

وای لەم هەموو لەفزە شیرینە

کە هەموو شتێکت بۆ من تەوژم و تینە

...

## پیاو

٢٠

من یەک شتم لە تۆ دەوێ
تۆ دەستت گرتووە و نایکەیتەوە!
دەستت بکەوە! ئەی ئەو ژنەی
چاوت بە گریان شۆردراوە!
من شتێکم لە بەهەشت بۆت هێناوە!
یەکجار بیخۆیت
تامی بکەیت و بیمژیت
هەتا ماوی دەڵێی بە قوربانی بم، شتی ئەو پیاوە!
...

شەرم مەکەکە هاتی دەزانم چیت دەوێ،
کە ڕۆیشتی تێگەیشتم چیت لەبیرکرد!
حەزت بە چییە داوا کە
شتێکم پێیە کە ویستت
بۆت دەبێتە پرد!
دوودڵ مەبە، لێوەکانمان ناگێڕنەوە
تامی ماچ و گفتی شەوان..
دەزانن ئەو شەو، تۆ چۆن منت بەرەو سینگی خۆت برد!
...

ئەگەر ڕۆژێ، یەک دوو سێ کورتە نامەی تۆم
بەدەست نەگات،
هەست دەکەم پیاوێکی غەریبم
شارێکی گەورە دەمخنکێنێ!
ئەگەر شەوانەش دوو سێ وردە خەون
بە ڕووتی تۆوە نەبینم
هەست دەکەم کەوتومەتە بەردەستی داعشێک و
سەرم دەپەڕێنێ!
بۆیە ئەوهاوینە گەرمە
بێ نامە و خەونی ڕووت جێم مەهێڵە،
تا شیعرت بۆ بنووسم،
بەس ناوم لەکن کەس نەدرکێنی!
...

نامە

١٨

## چاو

١٧

دکتۆر وتی دەتوانی بە چاوانت هێشتا
زۆرباش بنووسیت و بخوێنیتەوە!
باشە گڵێنەت، روونە سۆمات
تا چەند ساڵی تریش دیارە وا دەمینێتەوە!
منیش وتم: چاوەکانم دەتوانن لە شەوی
هاویندا ئەستێرەیەک بۆ ڕاز بدۆزێتەوە!
وتی: دەتوانیت، بەڵام توند بیگرە
نەوەک هەناری پاییزێک،
شەوی هاوین لێ بستێنێتەوە!
...

## شەوێکی درێژ

١٦

شەو هەربیست دەقە دەبوو
گەرماچ بوایە!
تۆ تۆپەڵە بەفرێک دەبووی
گەرگەرمام بوایە!
منیش دەمزانی چۆنم دەگەوزاندی
گەرڕانت لەسەرڕانم بوایە..
ئەو شەوە دەبووە ساڵێک
گەرکەسمان لێوە نزیک نەبوایە!
تۆ تێرنەدەبووی و منیش دەمگوت:
شەوێک لەگەڵ ژنێکی ڕووت
بریا کۆتایی هەرنەبوایە!
...

## ماچی ناودەم

١٥

نەخۆشێک دەمرد
ئەگەرژنێک ڕوومەتی ماچ نەکردایە!
کە هەڵسایەوە،
وتی: من نەخۆش نەدەبووم گەر
دەمم لەناودەمت بوایە!
زمانی خستە دەمیەوە
وەها شێتانە نەی دەیگێڕا
گەرئەوی نەزانیبوایە!
...

## خەواندن

١٤

بەوژنەم وت، بۆ چیتە شیعرەکانم
رازو هەوەس و قسەکانم!
ژنە وتی:
شیعرەکانت دەمدوێنێ
بەو هاوینە دەمتەزێنێ!
دانە دانە جلەکانم پێ دادەکەنێ
کە ڕووتیش بوومەوە، جوان دەمخەوێنێ.
...

## بوورانەوە

١٣

زانیم ئەوژنە گەرمە،
بۆیە بۆی ڕووت بومەوە!
زانیم، ئەوژنە نەرمە
بۆیە بۆی ڕەق بوومەوە!
زانیم ئەوژنە خۆشە
بۆیە زوولەسەرجەستەی
بورامەوە!

**پرسیار**

١٢

من دەزانم تۆڕووتی
هەردوو مەمکت پێدەکەنن،
لەسەرسینگت سەما دەکەن!
داوا دەکەن
بیانگرم، بیانمژم، شەرمیش ناکەن!
بە یەکەوە دەڵێن، حەز دەکەین
لەگەڵ تۆدا هەموو گەمەیەک بکەین!
...

## ئەلف

١١

ماموٚستا..

من تاقە پیتێکم، پیتی ئەلف

توٚش ژمارەی، ژمارەکەشت حەوتە!

ئەلفی من و حەوتی توٚ

عیسا ئاسا

با لە خاچمان دەن بە بزمارو تەختە.

...

## وێنە

١٠

دوێنێ شەو وێنەیەکت بۆم نارد،
وتم تینووتری کردم، بیکە بە دووا!
وێنەیەکی سینگت دانا
وتت سەیری بکە فەرمووا!
دەزانم ئەگەر ماچت بکەم یەکجار!
دەڵێم تینووترم، وەرە با ماچەکان بکەینە هەزار!
...

## دەستماڵ

٩

وەرزی هاوین بوو جارێکیان
ژنێک شیعرێکمی کردە کەوا و دەستماڵ!
ڕۆژەکە گەرم بوو، ناچار
ڕووت بووەوە و فڕێدا ستیان و پەشتەماڵ!
منیش وتم ئاوات پێ خۆشە،
وتی نا، حەزدەکەم تۆش ڕووتبیتەوە وەک منداڵ!

...

پاییزگەردەلوولی تووڕەی هەڵکردە سەرگلێنەی چاوانم!
بەهاریش، نیگەران بوو
بە وەسف وڕامانم!
زستان شەختەبەندی کرد
ڕێگاوبانم!
کە من وتم:
شێتی ژنی گەرم و
وەرزی (هاوین)م!
...

هاوین

٨

## قاوه

٧

پیاوێکی بە تەمەن، بەڵام وریا و قیت
مەست بە دیار پەیکێکەوە وەنەوزی دەدا..
ژنێک ئەسمەر، پەرۆش و بەنازێ،
خۆی لە تۆڕی خەیاڵی دەدا..
پێی دەڵێت: مامە تاقەتت ماوە
بە یەکەوە بخۆینەوە فنجانێک قاوە!
مامەش بزەیەکی بۆ دەکات و دەڵێت:
باشە، بەڵام کە تەواو بووین،
تۆ لە دڵەوە بڵێ بە قوربانت بێت
ئەو جووتە چاوە!
...

ژن و پیاوێ
لە ناو کەلاوەیەکی سەرگیراو،
بێ سپی و لەبخ
نیو سەعات مانەوە
ژنە سێوی هێنا بوو و پیاوەش کۆڵێ ڕێواس..
عەیامێ گوزەشت..
کە چوونەوە لای کەلاوە بینییان خانوویەکی تەواو،
گڵۆپی ڕووناک و پەردەی پان
کەچی بۆنی سێو و ڕێواس
پەنگی خواردووەتەوە لە کوچە و کۆڵان
...

## سێو و ڕێواس

٦

دەڕۆیت؟

ناتوانیت، خەیاڵت خاوە!!

بە بۆنی سینگت دەتدۆزمەوە!

درۆ مەکە، تۆ ناڕۆیت

زۆر نزیکی و بەیەک ماچ دەتهێنمەوە!

درۆ دەکەیت ناڕۆیت، وەک پشیلە لەسەر مووی سینگم

وەک کۆتر لەسەر جووتێ هێڵکەم دەمینێیتەوە!

درۆ دەکەیت شارەزات بووم، کە وتت دەڕۆم

ئینجا بۆ سەد ماچی تر برسیانە دەنوزێیتەوە!

...

هاتیتەوە؟
بەرلەوەی بتبینمەوە
چەندجار چوومە نێزیک دارتێلەکەی بەردەرگاتان
چوومە بەر مێزی فڕنەکەتان،
لە گەرمام پرسی! لە دیواری قوتابخانەکەم پرسی
لە ئارەقەی شەوانم پرسی
ئاخۆ کێ وەرزی هاوینی دیوە؟
هەموویان وتیان ڕۆیشتووە
تۆی فێنک بدۆزێتەوە لەو دیو کێوە!
...

وامزانی ڕۆیشتی و گەرما تۆی خنکاند

وامزانی ون بوویت و گەردەلوول تۆی برژاند!

وامزانی پیاوێکی سمێڵ ڕەش، تۆی لە من فڕاند!

وامزانی دیواری ژوورەکەت، پایەی قاڵدرمەکەت، تۆی بەزاند!

بەڵام دەرکەوت، من هەڵەبووم

ئاخروێنەکەتم بینی

شێتانە بەسەرلمی کەنارەکەوە ناوی منت لەسەری نەخشاند!

....

دلم مەشكێنە
دڵم دوو باڵی چۆلەکەیە
منی باڵندە بێ باڵ مەکە!
بشفرم دەکەومە ناو کۆشت
لەوێش چیم داوا کرد، مەڵێ مەکە!
تۆش دوعا دەکەی بکەومە ناو کۆشت؟
دەی سینگت، هەردوو مەمکتم بۆ واڵا کە!
دڵم مەشكێنە دەنا خراپ دەشکێم
بەو شکانە ورد نابم، دەسوتێم!
بۆ دەتەوێ ئیماندارێکی وەک من
لە بەهەشتی تۆ بسووتێم!
تۆ دەسوتێنێ
بەس مەترسە، لەو کاتەدا

## تکا دەکەم

٢

دەتکوژێنمەوە و بە ئەسرینی چاوانم!
سوێندت دەدەم، گەر یەکجار ماچی ئەولێوە ئەستوورەم کەیت،
چیتر دەم ناخەیتە سەردەمی گەنمەشامی!
سوێندت دەدەم یەک ڕۆژ بە یەکەوە بین
تەمەنمان دوو ساڵ ناڕوات!
بەڵام! گەر دەمێک چاوەڕوانت بم
تەمەنی هەردووکمان، با دەیبات!
من یەک دڵم هەیە، ئەویش بشکێت
ڕوو لە کوێ دەکەی ئەی یار!
کێ وەک من کلیلەکەی لەناو دەستت ناوە؟
کێ وەک تۆش مەمکی
لە ناو دەستی من ناوە!؟
کلیلی من و مەمکی تۆ، بۆ یەکتری ڕوواوە!
...

ئەگەرتۆ، بەوهاوینە ساتێک بێیتە لام،
دەڵێم مەڕۆ، با گەمە بکەین سەعاتێ، نەک تاوێک!
ئەگەرتوانیت سەعاتێک بە میوانی بمینێتەوە،
دەڵێم مەڕۆ، بزانە چۆن سازدەکەین بەزم و هەراییێک!
ئەگەرشەوتۆ مایتەوە،
من دەزانم لە کێندەرێت دەخەوێنم
لە کێندەرێت دەگەوزێنم
بوارت نادەم بحەسێیتەوە، دوورکەوێیتەوە هەنگاوێک!
هەردوو مەمکت، سەرەتا چەپەکەی، تا ئەویتریان داوا دەکات
هەردەیمژم، وەک حەسرەتی تینووی لاوێک!
شەو، ئەگەرمایتەوە، بەشەودەڵێم تاریکتربە،
بە تاریکی دەڵێم ڕەشتربە
تا دەکەوینە ناوئارەقە ئەنگوستەچاوێک!

میوان

١

ئەمشەو ژنێک هاتووە و میوانە
زۆر تینووە
ئاو تێری نەکردووە،
هاتووتە بەرکانی و سێڵاوێک!
دەڵێت:
تۆ شارەزای، بێ دڵم مەکە
چیم دەوێ، حەزم لە چییە
بمگەوزێنە تا بانگ دەدات مەلایێک !
شەرم نەما، ترسم نییە
ئازابە وا بۆت ڕاوەستاوەم
هەموو جەستەم بۆت بووەتە قەترە ئاوێک!
خۆ نەهاتووم تا پشوو بدەی،
هاتووم گلەیی لە گەرمایی هاوین بکەم،
ڕووت دەبمەوە وەک تەیری بەرئاوێک !

ژنێکم تێنوو،
دەزانم بەو شەوە تێر نابم
دەزانم بەو ڕەحەتبوونە مەست نابم
چارەم بکە هاوارە داو و دەرمانێک!
تینوو بووم کە هاتم، بەڵام ئێستا برسیمە
دوێنێ لەتە سەموونێکی نەرمی کۆنت مابوو
نەمخوارد، بێنە با بیخۆم بە پڵاوێک!
هاتووم دەتکەمە پیاوێکی دڕ
دەتکەمە پیاوێکی تر
منیش دەبمە ژنێکی سڕ، بۆ ئاگری هەناوێک!
نارۆم توخوا نارۆم لەو هەوارە نارۆم
من دەزانم تۆ چیت پێیە،
ئەوەم دەوێ خۆشترە لە گەرمی هەتاوێک!
من دەزانم تۆ چیت لە من دەوێ
هەمووم هێناوە،

کەمێک دەم، کەمێک لێو
کەمێک سینگ و زۆریش مەمک
بستێکی بن سک
زۆریش ناوڕان و بۆنی گوڵاوێک!
هەمووم بۆ تۆم هێناوە، هیچیان نابەمەوە
فەرموو هەموو جەستەم ڕووت ڕووت،
دایناپۆشم بەو دەستسڕەش تاوێک!
وەرە لەو حەمامە بمشۆ
با ئەوشەو ژنێک بشۆردرێت
بە دەست و لیفکەی پیاوێک!
بە دەستی تۆ، بە ئاوی تۆ، بە کەفی تۆ
پاک دەبمەوە تاوێک!
ئەوەندە ڕووتم، شەرم لە ڕووتی خۆم ناکەم
ئەوەندە برسیمە دەپاڕێمەوە،

ئەوەندە تەنگاوم دەنوزێمەوە

و ناتوانم بڕۆم هەنگاوێک!

تۆ نازانی من بە ڕووتی چەند نەرمم

تۆ دەتوانی بە ڕووتی من ڕەق بیت،

ڕەقی تۆ با بچێتە ناو هەناوێک!

ڕەقی تۆم دەوێ، نەرمەکانم بشێلێت

بەو شێلانە من نەرمتر دەبم،

من بە قوربانی ڕەقی تۆ دەبم،

ئەوەی کردمان، هیچ نەبوو، بریتی بوو لە ماچ و سڵاوێک !

...

# ژنێک پڕ ڕەحم ڕەش دەکاتەوە

p o e m



# A Lady Dyes My Hair Black Again

Sherzad Heini

Erbil - 2016

دیزاین: شۆڕش غەفوری